# بەش: سینەما و شانۆ

# کۆلێژ: هونەرە جوانەکان

# زانکۆ: سەلاحەدین

# بابەت: سیناریۆ– کۆرسی یەکەم

# پەرتووکی کۆرس – (قۆناغی 4– لقی سینەما)

# ناوی مامۆستا: پ. ی. د. ژیلوان طاهر باپیر

# ساڵی خوێندن: ٢٠٢٣-٢٠٢٤

# پەرتووکی کۆرس

# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | سیناریۆ |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | پ. ی. د. ژیلوان طاهر باپیر |
| 3. بەش/ کۆلێژ | سینەما و شانۆ- هونەرە جوانەکان |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل:zhilwan.bapir@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن:07504423828 |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری: ٣ کاتژمێر |
| 6. ژمارەی کارکردن | ٣ کاتژمێر کارکردن داواکراوە لە قوتابی لە هەفتەیێکدا |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | - بەکالۆریۆس لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی بەغدا - لقی دەرهێنان سالی خوێندنی ١٩٩١-1992<br>- ماستەر لە دەرهێنانی شانۆیی سالی 20١0<br>- دکتۆرا لە تەکنیکی سینەما و شانۆ 20١6 |
| 9. وشە سەرەکیەکان | سیناریۆ – کارەکتەر – دراماتورگی – تێکست |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

سیناریۆ نووسینێکە بۆفیلم، چیرۆکێکی تایبەتە بۆ سینەما دەنووسرێ و جگە لە فیلم هیچ مانایەکی نیە. بە پێچەوانەی چیرۆک یان شانۆنامە کە بایەخێکی سەربەخۆی ئەدەبی هەیە، سیناریۆ لە بابەت دەقەوە بایەخی سەربەخۆی نیە و تەنیا دوای بوون بە فیلمە کە بایەخە هونەرییەکانی(نەک ئەدەبیەکانی (دەرئەکەوێ.

سیناریۆ لەگەڵ ڕۆمان و شانۆنامە جیاوازی هەیە. لە ڕۆماندا ڕووداو دەتوانێ لە زەینی کەسایەتیدا ڕووبدا بەڵام لە سیناریۆدا ئەبێ بە شێوەی وێنە ببینرێت. لە شانۆنامەدا ڕووداو لە سەر تەختەی شانۆدا کە سێ دیواری هەیە ڕووئەدات و بەردەنگ لە جێگەی دیواری چوارەم دائەنیشێت و بە ژیان و پەیڤی کەسایەتی گەلی ناو شانۆ کە گوێ ئەدات، بەڵام لە سینەمادا ئەم سنووردارییە بوونی نیە و هەر جار کە تیل (زاویە)ی کامێرا ئەگۆڕدرێت لە حەقیقەتدا تیلی بینینی بینەرەکانیش ئەگۆڕدرێت.

سیناریۆ لە ڕاستیدا دەقێکە کە وردەکارییەکانی پەهنەک(صحنە)، شوێنەکان، زەمانەکان،کەسایەتییەکان، وتووێژەکان، ڕوداوەکان و هەرچێ لە فیلمەکاندا ئەبینرێت.سیناریۆ لە لایەن سناریست یان سیناریستەکانەوە بۆ دەرهێنەرێک ئەنووسرێت تا لە ڕوویەوە فیلمێک چێ بکات.

دەسپێوەگرتن لە خەرجی لە بەرهەمهێنانی فیلم، پێگەیاندنی بیرۆکەکان، بەکارهێنانی گشت بیرۆکەکان و رێکخستنی بیرۆکە پەرتەوازەکان، برێک لە گرنگترین  بەڵگەکانی بوونی سیناریۆیەکە.

زۆربەی سیناریۆ گەلی چاپکراو کە لە بازاردان،لە دوای چێ بوونی فیلمەکان بڵاو بووەتەوە، بەڵام سیناریۆ گەلێک هەن بیانووی جۆراوجۆری وەکوو ئابووری یان سیاسی قەد چێ نەکراون، بەڵام سیناریۆکانی بڵاو کراون و لەبەردەس هەموان دایە. بەهرام بەیزایی لەو نموونە فیلمساز گەلەیە کە لە پێش لە شۆڕشی گەلانی ئێران و پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی بۆ چێ بوونی فیلمەکانی بە گرفت گەلی وەکوو هەڵسەنگاندن یان ماڵی ڕووبەڕوو بوە و بەم بۆنەوە نەیتوانیوە زۆربەی بیرۆکەکانی بە ئەنجام بگەیەنێت، بەو بۆنەوە بریاری  بڵاو کردنەوەیانی داوە تا لەو رێگایەوە بە هەموان بڵێت کە هۆی چێ نەبوونی فیلمەکانی چین و لەو کاتەدا خوێنەر هۆگر بە بەرهەمەکانی "بەیزایی" لانی کەم لە خوێندنی ئەندێشە سینەمایییەکانی بێبەش نەکات

**11. ئامانجەکانی کۆرس**

**ئامانجە گرنگەکانی ئەم کۆرسە دەکرێ لەم خاڵانەدا کورت بکرێنەوە:**

١- ناساندنی تیۆرە زانستییەکانی سیناریۆ

٢- ئاشکراکردنی پێگە و کاریگەری  سیناریۆ لە هونەری سینەمادا.

٤- ئاشنابووبی قوتابی بە بنەما سەرەکیەکانی سیناریۆ لە بەرهەمهێنانی فیلم.

٥- فێربوونی تەکنیکە جیاوازەکانی نوسینی سیناریۆ لە بەرهەمێکی هونەری بەشێوەیەکی ز انستی و ئەکادیمی.

**12. ئەرکەکانی قوتابی**

پێویستە قوتابی ڕۆژانە سەیری فیلمی جیهانی و عەرەبی و کوردی بکات لە هەروەها خوێندنەوەی هەموو ئەو کتێبانەی دەربارەی سیناریۆ بوونیان هەیە.

**13. ڕێگەی وانە ووتنەوە**

ئەم وانەیە قوتابی شارەزایی پەیدا دەکات لەسەر شێوازی کارکردنی سینارستە جیهانیەکان و داهێنانەکانیان دەربارەی تیۆری فیلم بەپێی جۆری ستایل و ئەو ڕێبازەی کاری لەسەر کردووە لەسەر بنەمایەکی فیکری و فەلسەفی و هونەری و ئیستاتیکی.

**14. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

لە دەرئەنجامی ئەو وانەیە پێویستە قوتابی فێری ئەم خاڵانە بێت:

1. مامەڵەکردنی سینارست لەگەڵ ئەکتەری فیلم.
2. شارەزابوونی قوتابی لە سیناریۆدا کارکردن لەگەڵ گروپی کۆمپزەیشن.
3. زانینی ئەرکی سینارست لەگەڵ گروپی تەکنیکی فیلم.

16. لیستی سەرچاوە

- کوردی


- ولیام ئیچ فیلس : سیناریۆی کورتە فیلم،و،ستار کەریم ،چاپی یەکەم،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،ساڵی 2008 سلێمانی.
- سیدفیلد: سیناریۆ ،و،ئاوات دەوڵەت،چاپی یەکەم،چاپخانەی تیشک،ساڵی 2005،سلێمانی.
- عباس کیارۆستەمی:پەرجوی سینەما،و،ئەکبەر حەسەن،چاپی یەکەم،چاپخانەی یاد،ساڵی 2012، سلێمانی.
- رابەر علی:مێژوو هونەرەکانی سینەما،چاپی یەکەم،چاپخانەی کامەران،1968،سلیمانی.
- عبدولقادر علی مەردان:سینەما و هونەری سینەما،بەرێوبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری،ساڵی 2005، هەولێر.

- عەرەبی:

- القاسمي، سمير عبدالمنعم، (2012) ، "جماليات السينوغرافيا في العرض المسرحي الإيمائي"، دار الرضوان للنشر والتوزيع، عمان.

- حمادة، ابراهيم، (1971) ، "معجم المصطلحات الدراسية والمسرحية"، دار الشعب، القاهرة.
- أردش، سعد،(1979) ، "المخرج في مسرح المعاصر"، عالم الفرقة، المجلس الوطني للثقافة والفنون والأداب، الكويت.
- ينتلي، اريک، (1975) ، " نظرية المسرح الحديث"، منشورات وزارة الاعلام، بغداد.


| 17. بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| **بابەتەکانی تایبەت بە شانۆ:**<br>هەفتەی یەکەم/ ت/ئەرکەکانی سینارست<br>هەفتەی دووەم/ ت/ پەیوەندی دەرهێنەر بە سینارستی فیلم<br>هەفتەی سێیەم/ ت/ پەیوەندی سینارست بە ئەکتەر<br>هەفتەی چوارەم/ ت/ پەیوەندی سینارست بە دراماتورگی<br>هەفتەی پێنجەم/ ت/ پەیوەندی سینارست بە کۆمپۆزەیشت<br>هەفتەی شەشەم/ ت/ سید فیلد و هونەری فیلم<br>هەفتەی حەوتەم/ ت/ شێوازی سید فیلد لە سیناریۆدا<br>هەفتەی هەشتەم/ ت/ تاقیکردنەوەی یەکەم (تیۆری)<br>هەفتەی نۆیەم/ ت/ شێوازی سیناریۆ لە ئەمریکا (هۆلیود)<br>هەفتەی دەیەم/ ت/ شێوازی سیناریۆ لە فەرەنسا<br>هەفتەی یازدەهەم/ ت/ فۆرمەکانی سیناریۆ لە بۆلیود<br>هەفتەی دوانزەهەم/ ت/ تایبەمەندیەکانی سیناریۆی سەرکەوتوو<br>هەفتەی سیانزەهەم/ ت/ چەند زانیارییەک دەربارەی سیناریۆ لە جیهاندا<br>هەفتەی چواردەهەم/ ت/ تاقیکردنەوەی دووەم (تیۆری)<br><br>**تێبینی:**<br>1. پێویستە قوتابی سەرجەم ئەم سەرچاوانە بخوێنێت کە تایبەتن بە شێوازەکانی سیناریۆ<br>2. پێویستە قوتابی لە ڕێگەی ڤیدیۆ یان سیدی یان بینینی ڕاستەوخۆ بەردەوام سەیری فیلم بکات لەسەر ئاستی جیهانی و عەرەبی و کوردی. | پ. ی. د. ژیلوان طاهر باپیر |

**19. تاقیکردنەوەکان**

1. کۆرسی یەکەم:

| |
|---|
| پ١/ باسی ئەرکەکانی سیناریست بکە.<br>پ٢/ پەیوەندی سیناریۆ چیە بە دەرهێنانەوە چیە؟<br>پ٣/ باسی شێوازی سیناریۆی سید فیلد بکە. |
| **20. تێبینی تر**<br>ئەم بابەتە زۆر گرنگە بۆ قوتابیان، بە مەرجێک قوتابی جگە لە سەرچاوەکانی کە دەیخوێنێت لەکاتی محازەرەدا، لە دەرەوەشدا چەندین سەرچاوەی تر بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی شارەزاییەکی باش پەیدا بکات دەربارەی قوتابخانە و ستایلەکانی سیناریۆ |
| **21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**<br>لەکۆتایی هەر وەرزێک پێداچوونەوە بە وانەکانی پێشوو ئەنجام دەدەین وە پرسیار لە قوتابی دەکەین بۆ ئەوەی هەر بابەتێک لای ڕوون نیە جارێکی تر بۆی شی بکرێتەوە. |